Organa Kongra Nîştimanî ya kurdistan (KNC)
Hejmar 37,
Sala 2706,Î Kurdî

# Kongre

Xebat ji bo Welatekî Azad û Démokrat û Serbixwe!



## بەڕێز ڕێكخراوی خەباتی ئیسلامی كوردستانی ئێران

**گەرمترین سلاوو ڕێزمان ئاراستەتان دەكەین و هیوای سەركەوتنتان بۆدەخوازین.**

بەڕێزان، بەناردنی پەیامەكەتان بۆ كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان، ئاگاداری بەستنی كۆنگرەی سێیەمی ڕێكخراوەكەتان - ڕێكخراوی خەباتی كوردستانی ئێران بووین. هیواداریین كۆنگرەكەتان بەسەركەوتوویی تەواودوە بەڕێوەبچێ.

سوپاستاندەكەین، كە ڕێگەتان داوین و، داواتان كردووە لە كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان، تا بیروڕا و پێشنیازی خۆی بنێرێ بۆ كۆنگرەكەتان.

* - لە ڕوانگەی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستانەوە، كێشەی سەرەكی و بنەڕەتیی لە كوردستان، لەنێوان نەتەوەی كورد و داگیركەرانی كوردستاندایە و، كێشەی كورد، كێشەیەكی سیاسی و نەتەوەییە، نەک ئاینی و ئایدیۆلۆژییەكی دیكە. خەباتی نەتەوەی كورد، خەباتی ڕزگاری - نیشتمانییە. ئەو خەباتە پیرۆزەش بە تەبایی و یەكگرتن دێتەدی. بۆیە هەڵبژاردنی نێوی ئیسلامی بۆ ڕێكخراوەكەتان، بناخەكانی ئەو یەكگرتنی نەتەوەییەی كە ئێمە مەبەستمانە سست و لاواز دەكا و هەڵبژاردنی نێوی فەلسەفە و ئایدیۆلۆژییەكی تایبەت و دیاریكراو بۆ ڕێكخراوەیەكی نەتەوەیی و كوردستانیی بە شیاو و گونجاو نازانین.

*- خاڵێكی دیكە، بەلای ئێمەوە جێی سەرنجە، ئەوەیە كە نێوی "ئێران" لە پاشكۆی نێوی ڕێكخراوەكەتان هاتووە، كە ئەوەش بەمانای ڕەسمییەتدانە بە ژێردەستیی نەتەوەی كورد و گرێدان و بەستنەوەی خەباتی ڕێكخراوەكەتان بە چوارچێوەی سنوور و جوگرافیای ڕژێمی داگیركەری ئێران.

بەباوەڕی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان، بارودۆخی ئەوڕۆكەی ڕۆژهەلاتی ناڤین و كوردستان، ئێمەی كوردی بەرەڕووی گەورەترین هەل و قۆناخی مێژوویی كردووەتەوە، پێویستە ئەو دەرفەتە لەدەستنەدەین و، یەكبگرین و، بەگرتنەبەری خەباتی هاوبەش لەسەر بناخەی ڕێبازی پیرۆزی كوردایەتیی، تێبكۆشین بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان.

بەڕێزان، لەگەڵ ئەم پەیامەماندا، بەیاننامەی كۆتایی كۆنگرەی پێنجەمی - كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان، لەگەڵ بانگەوازی كۆنگرە بۆ پێكهێنانی بەرەیەكی ڕاستینەی نەتەوەییی، دەنێرینە خزمەتتان.

هیوای سەركەوتن بۆ كۆنگرەكەتان و بۆ نەتەوەی كورد دەخوازین.

براتان: دوكتۆر جەواد مەلا
سەرۆكی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان
٢٠٠٦/٢/١٢

## بەڕێز كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران

لەگەڵ سلاوی ئازادی و سەرخۆبوون.

بەبۆنەی "هاتنی ٢٦ی ڕێبەندان"، ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕێكخراوی تێكۆشەرتان - كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزباییمان ئاراستەی كۆمیتەی سەركردەیەتی و هەموو ئەندامان و لایەنگرانتان دەكەین.

بەڕێزان، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانكارییە بنەڕەتییانەی لە ڕۆژهەلاتی ناڤین هاتوونەتەدی، یان لەداهاتوویەكی نێزیكدا دێنەدی، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموون و هۆكاری ئاستەنگەكانی هزری و ڕێكخراوەیی و سیاسیی كە لە چەند قۆناخێكدا بەسەر كۆمەڵە و بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلەكەمان لە ڕۆژهەلاتدا تێپەڕبوون، چاوەڕوانی ئێمە و جەماوەری گەلەكەمان، لە ئێوە ئەوەیە، بەداڕشتنی ستراتیژ و بەرنامەی كوردستانی و نەتەوەیی، ڕاستەوخۆ تێبكۆشن و كاربكەن لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە كوردستان.

گومانی تێدانییە، تانەتەوەی كورد لە بندەستی و كۆیلەیەتیی ڕزگار نەكرێ، كۆمەڵگەیەكی یەكسان و ئازاد و دیمۆكرات لە كوردستان نایەتەدی، كە ئاوات و ئامانجی هەموومانە.

سەركەوتنتان ئاواتەخوازین و، هەر بژین بۆ خزمەتی كورد و بۆ ئازادی و سەربەخۆیی كوردستان!

كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان
سەركردەیەتیی ڕۆژهەلات
٢٠٠٦/٢/٢٦